The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# بەرێوەبەریتی گشتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان/ سلێمانی بۆ نیگەرانە لە پاککردنەوەی لیستی سەربەرزان بنەماڵەی " شەهیدان ,قوربانیانی چەکی کیماوی , ئەنفال و بارزانی , زیندانی سیاسی و پێشمەرگەی دێرین " لە ناوی جاش و تاوانکاران

پاش ئەوەی ناوەندی چاك هەڵمەتی پاکسازی لیستی سەربەرزانی بۆ یەکەمجار لە کوردستان دەستپێکرد و بووە بابەتی گەرمی ڕۆژ لە ناوەندە سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان , ناوی چەندین مۆرەی خیانەتکاری ناسراوی بڵاوکردەوە کە لە لیستی سەربەرزاندان , ئێستا دەیان ناوی دیکەی لە بەردەستدایە , چاوەڕوانی بڵاوکردنەوە دەکەن , لێ بۆ ئەوەی بوارێك بدەین بە بەرپرسان لیستی شەهیدان و لیستەکانی دی بخەنە بەردەست جەماوەر و وردبینتر بن لە کارەکانیان , دەستمان بەشێوەی کاتی لە هەڵمەتەکەمان هەلگرتووە , بۆ تێبینی جگە لە لیستی شەهیدانی وزارەت , هەردوو پارتی دەسەڵاتدار تاکو ئێستا لیستی شەهیدانی تایبەتیشیان هەیە .

مخابن بەڕێوەبەرێتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان–سلێمانی لە جیاتی ئەوەی وەکو وزارەتەکەی دەستخۆشی لەو کارەمان بکات , وەك لە نامە بێ ئارمەکەیان دەردەکەوێت , دوور لە ئەتەکێتی باو و مامەڵەی بێلایەنانەی وزارەت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەستکردنیان بە مەسئولیەت بەرامبەر بەو پرسە گرنگە , بە ڕق و هەڵچونەوە وەڵامی نا شایستە دەدەنەوە , کە چاوەڕوانی ئەوەمان لێیان دەکرد بڵێن : دەستتان خۆش ناوەندی چاك , ئەوا ئێمەش لەسەر پێشنیاری ئێوە لیستەکەمان بڵاوکردەوە و خستمانە بەردەست جەماوەر . ئایا دەبێت چ نهێنییەك لە بڵاوکردنەوەی ئەو لیستەدا هەبێت وا بەگرانی وەرگرترابێت جگە لە بوونی ناوی تاوانکاران لە ڕیزەکانیدا , خۆ بەعس نەماوە کەس و کاریان بگرن ؟ , کەچی مخابن تەواو وەڵامی پێچەوانەی ئەمەمان پێگەیشت .

ئەوەی جێگای ئاماژەیە , بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لە ڕونکردنەوەکەیاندا دەڵێن : ( وێڕای ئەوەی هەموو لایەك ئاگاداردەکەینەوە، کەهیچ خیانەتکارێك لە ریزی شەهیداندا ناونووس نەکراوەو مووچە وەرناگرێت ) , ئێمەش بێ گومان و دودڵی دڵنیایان دەکەینەوە کە ناوی لەو چەشنە لە لیستی شەهیداندا هەیە , ئەگەر ئەوانیش زۆر متمانەیان بە پاکی و پاکیزەیی لیستەکەیان هەیە , با بفەرموون ئەو لیستە بڵاوبکەنەوە بۆ ڕایگشتی .

وەکو هەموو مرۆڤێکی کورد دەزانێت , ئێمە ڕێکخراوێکی فەرمین لە کوردستان و لە هەموو پارچەکانی کوردستانیش ناسراوین , ئەگەر هەر کارێکی نا یاساییمان کردبێت , بەرپرسانە ئامادەین بەرەو ڕوی دادگا ببینەوە .

داواکاریشین لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو , پێش ئەوەی فێری ئەوەمان بکەن چۆن کاربکەین و تەنها بە سایتێکی ئەنتەرنێتی ناومان بەرن , کە تەواو تێدەگەین مەبەستیان چییە و ئەم وتەیە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە !! , باشترە کە نامە دەنێرن بە فۆرمی فەرمی وزارەتەوە بینێرن و ئیمەیلێك تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنەکەیان بکەنەوە نەك بە ئیمەیلی بەشی ئامار بینێرن , کە بۆ خۆی ئەوەش پرسیارێکی دیکەیە ؟؟؟؟ .

باشە ئەگەر ناوی مچەی ئەحە پوتیش لە لیستەکەیان نەبێت , دیارە مفەوەز شەماڵ ناوی لە لیستەکەدایە ؟؟؟ بۆیە بێدەنگن لە ئاستی .

ئێمە وەك ناوەندی چاك لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان تەنانەت دان بە سایتەکەشمان نەنێن , شەرعییەتی خۆمان لە بوێری و کارکردنی ژیرانەو پەنجە دانان لەسەر کێشەکان و کارە زۆرو زەبەنەکانمانەوە وەردەگرین .

لە خوارەوە نامەی وزارەتی شەهیدان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی هەمان وزارەت دەخەینە بەردەست هەموان , بۆ ئەوەی بزانن چەندە بە قینەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەوڵە پیرۆزەمان دەکەن .

**ناوەندی چاك**

**2007-10-11**

**www.chak.be**
**chak_org@yahoo.com**

**تێبینی : جگە لەم ماڵپەڕ و ئیمەیلە هیچی دیکەمان نییە.**

# مچەی ئەحەپوت موچەی شەهیدان وەرناگرێت.

**ماوەیەکە ماڵپەرێك بەناوی (چاك بی) لەسایت و رۆژنامەکان، کەوتووەتە بڵاوکردنەوەی ناوی جاش و بەعسیەکان، گوایە لەبەڕێوەبەرایەتیـەکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەوکەسە خائینانە موچەی شەهیدانیان لەپاڵ شەهیدە سەربەرزەکاندا بۆبڕاوەتەوە؟!**
**ئێمە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان/سـلێمانی، وێـڕای ئـەوەی هـەموو لایـەك ئاگاداردەکەینـەوە، کـەهیچ خیانەتکارێك لە ریزی شەهیداندا ناونووس نەکراوە و مووچە وەرناگرێت .**
**لە هەمانکاتیشدا بڵاوکردنەوەی ئەو ناوانە بەبێ زانیاری و به بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان، بەکاری تێکدەرانەو نەزانی لەکاری رێکخراوبوون و ئەرکەکانی دەزانین.**
**بۆیە داوا لە سەرجەم کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان وکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین، هاوکاریمان بکەن لەدەرخستنی ئەو حاڵەتانـە بۆئەوەی کەس مزایـەدە بەسـەر ئێمـەو ئێـوەو شەهیدەسەربەرزاکانیشـمانەوەنەکات، بەدڵنیایـەوە هەرکەسـێك بەڵگـەمان بـداتێ لەسـەر ئـەو کەسەخائینانە، لەلستی شەهیدان لایاندەبەین هەروەها سەرجەم کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانمان دڵنیادەکەینەوە(مستەفا احمد عبدالرحمن) کە ناسراوە بە (مچەی ئەحە پووت) نەك هەرموچە لەبەڕێوەبەرایەتیەکـەمان وەرناگرێـت، بـەڵکو ئەوپڕوپاگەندەیـەش بـە تۆمـەت دەزانـین بـۆ سەربەڕێوەبەرایەتیەکەمان.**
**تبینی : چاك بی مەبەست لە (www.chak.be ) یە**

**راگەیاندنی**

**بەرێوەبەریتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان/ سلێمانی**

"amar slemany" amar_bgs@yahoo.com

**Kurdistan Regional Government**
Council of Ministers
Ministry of Martyrs & Anfal Affairs
Minister Office

**حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق**
**ئەنجومەنی وەزیـــران**
**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان**
**نوسینگەی وەزیر**

No: 8 — ژمـــارە : ٨
Date: 8/ 10/2007 — ڕێکەوت: ٨ / 2007/10

## بۆ / بەڕێزان لەناوەندی چاك

## وەڵام

سەبارەت بە نامەکەتان ئێمە وەك وەزارەت ئاگاداری ئەو نامەیە نین,هەروەها بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانیشمان ڕاگەیاندوە ,کە پێویستە وەڵامدانەوە لە وەزارەتەوە بێت نەوەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکەوە، تکایە تەنها ئەو وەڵامانەوە بەهەند وەربگرن کەبەنوسراوی فەرمی ئێمە پێتان دەگات .

لەگەڵ ڕێزدا

**گۆران شێخ مستەفا**
**بەڕێوەبەری نوسینگە**
2007 /10 /٧

**وێنەیەك بۆ**

- سکرتاریەت بۆ ئاگاداری بەڕێز جەنابی وەزیر
- دۆسیەی تایبەت

E-mail: momaa_2006@yahoo.com 2566452